# ڕۆستەم خامۆش:
# لە ساڵی (٢٠٠٠)ـەوە شیعر بۆ منداڵان دەنووسم

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**
**خۆمان بە خۆش بەخت دەزانین، کە ئەمڕۆ توانیمان بێینە خزمەت شاعیری بواری ئەدەبیاتی منداڵان (مامۆستا ڕۆستەم خامۆش)، شایانی سپاسگوزارییە، ڕێگای پێداین لە خزمەتیان ئەم دیدارە تایبەتە ڕۆژنامەوانییە، ساز بکەین.**

**سازدانی: کامەران ئاشنا**

*** پرسیاری یەکەممان خۆی لە چوارچێوەی داواکاری دەبینێتەوە... داواکارین لە (مامۆستا ڕۆستەم خامۆش) کورتەیەک لە ژیاننامەی خۆتان بۆ ئێمە و ئازیزانی کەناڵەکەمان بخەنە ڕوو؟**
ڕۆستەم خامۆش: لە دەستپێکدا زۆر سوپاس بۆ کەناڵی (دیداری تایبەت) لە تیلیگرام، پێزانین و دەستخۆشیم هەیە بۆ "مامۆستا کامەران ئاشنا" کە ئەو دەرفەتەتان بۆ ڕەخساندم، خۆشحاڵم کە لە خزمەت ئێوەی بەڕێز و خوێنەرانی ئازیز دام.
ناوی تەواوم "ڕۆستەم جەلیل ئیبراهیم مەحمود" ناسراوم بە ڕۆستەم خامۆش، لە ساڵی (١٩٨٠)ی زایینی لە گوندی (کانی کوردە)ی سەر بە ناحیەی ئاشتی، قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر، لە دایک بووم، خاوەنی (٨) کتێبی چاپ کراوم، تا ئێستا لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی کاغەزیی و ئەلیکترۆنی و ماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، شیعر و بابەتەکانم بڵاوکراونەتەوە، کە بریتین، لە:
(١٧ ڕۆژنامە و ٣٦ گۆڤار و ٣٦ ماڵپەڕ و ٨ بڵاوکراوەی کاغەزیی و ئەلیکترۆنی).
چەندان شیعرم ئاوازیان بۆ دانراوە و کراون بە گۆرانی. شیعرێکم بەناونیشانی (وارێ مە)، کە بە زاراوەی کرمانجی سەروو (بادینی) نووسیومە، لە کتێبی خوێندنی کوردی- قۆناغی بنەڕەتی- پۆلی دووەم- وەرزی یەکەم، دانراوە و دەخوێندرێ. لەپای خزمەت کردنم بە بواری ئەدەبی منداڵان، زیاتر لە (٢٠) خەڵاتی ڕێزلێنان و سوپاسنامەم پێشکەش کراوە. ئێستاش لە شاری هەولێر نیشتەجێم.
*** دەتوانن بفەرموون، ڕادەی خوێندنتان لە چ ئاستێکدایە و سەرەتای کاری شیعریتان دەگەڕێتەوە بۆ چ ساڵێ؟ هەروەها دەستپێکی شیعریتان کەی و بەچ شیعرێ دەستتان پێکرد؟**
ڕۆستەم خامۆش: تا قۆناغی ئامادەیی، بەشی وێژەییم خوێندووە. لە ساڵی(١٩٩٦)ی زایینیدا، هەستم بە بوونی بەهرەی شیعریی کردووە و هەر لەو ساڵەدا دەستم بە شیعر

نووسین کردووە. سەرەتا شیعرم بۆ گەورەسالان دەنووسی، ئێستاش هەندێ جار هەر دەنووسم، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٠)ی زاییینیدا، زیاتر ڕووم لە ئەدەبی منداڵان کردووە و یەکەم شیعرم بۆ منداڵان بەناونیشانی (باڵندەیەکی بەندکراو)بوو، کە هەر لە ساڵی (٢٠٠٠)دا بۆ منداڵانم نووسیوە.

*** شیعر لای بەڕێزتان چ واتایەک ئەبەخشێ و چۆن ئەڕواننە ئاستی شیعری منداڵان لە ئێستادا؟ کام شاعیر یان نووسەر، کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان بەسەر کارەکانتانەوە هەیە؟**

ڕۆستەم خامۆش: پێم وایە قسە کردن لەبارەی شیعرەوە، ئاسان نەبێ، چونکە شیعر پێناسەیەکی دیاری کراوی نییە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە (ڕۆح و دڵ و دەروون و هەست و بیر و هۆش)ی کەسی شاعیرەوە هەیە، بەڵام هەندێ لە شارەزایان چەندان پێناسەی جودایان لەبارەی شیعرەوە گوتووە، وەک:

– قودامەی کوڕی جەعفەر، دەڵێ: ((شیعر ئاخاوتنێکی کێشدار و سەروادار و واتادارە)).

– ڕیتشارد هێرد، دەڵێ: ((شیعر هونەرێکە مەبەستی ئەنجامدانی گەورەترین چێژ بەخشینە بە گوێگر)).

– هۆراس، دەڵێ: ((شیعر وێنە کێشانە)).

– ئەرستۆ، دەڵێ: ((شیعر لاسایی کردنەوەی سرووشتە)).

– ئەفلاتون، دەڵێ: شیعر لاسایی کردنەوەی شتەکانی جیهانی هەست پێکراوە)).

شیعر لای من بریتییە، لە: (جوانی و ناسکی، نیشاندانی وێنە، هزر و خەیاڵ، چێژبەخشین، نووسینەوەی ناخ، هەست و سۆز، دەربڕینێکی واتادار و قوڵ، شیعر زمانێکی تایبەتە و جیایە لە قسەی ئاسایی... هتد)، جودا لەمانەش، شیعر پەیامێکی ئینسانییە و دەبێ هەڵگری ئامانج بێ، بەڵام لە شیعری منداڵاندا پێویست ناکات، (ناوەڕۆکێکی قورس و هێمای تێدابێ، یان بە زمانێکی ئاڵۆز بنووسرێ، شیعری منداڵان دەبێ سادە و ساکار بێ، بەڵکو منداڵ بە ئاسانی تێی بگات و سوود و چێژی لێوەر بگرێ).

دەکرێ بڵێین ئاستی شیعری منداڵان لە ئێستادا، تاڕادەیەک باشە و پێویستە زۆر باشتریش بێ، زۆربەی شاعیرانی کورد بە هەست و بیرکردنەوەیەکی گەورانە بۆ منداڵ دەنووسن، بۆیە هێشتا نەگەیشتووە بە ئاستێکی زۆر بەرز، چونکە ئەوەندەی شیعری کرچ و کاڵ دەنووسرێ، ئەوەندە شیعری نوێ نابینرێ.

دەتوانم بڵێم کاریگەری شاعیر و نووسەرێکی دیاریکراوم بەسەرەوە نییە، بەڵام شیعرێکی ناسک و جوانی شاعیرێک، چیرۆکێکی خەیاڵئامێزی چیرۆکنووسێک، ڕۆمانێکی داهێنەرانەی ڕۆماننووسێک، یان وتار و بابەتێکی بە پێزی نووسەرێک، دەکرێ ئەوانە هەموویان سوودیان لێوەربگرم و چێژ لە خوێندنەوەیان ببینم.

*** شیعر چی بە بەڕێزتان بەخشیوە و چی لێ سەندونەتەوە؟**

ڕۆستەم خامۆش: دەتوانم بڵێم: شیعر، ڕێز و خۆشەویستی بە من بەخشیوە، واتە: خەڵک و خوێنەرانی ئازیز، بە هۆی شیعرەکانمەوە منیان خۆشدەوێ و منیش ئەوانم خۆشدەوێ، یاخود ناوێکی بە من بەخشیوە، کە شانازیی پێوە دەکەم، چونکە ئەوەندەی کە ناسراوم، بە هۆی شیعرەوەیە.
وەک دەفەرموون چی لێ سەندومەوە، کاتێکی زۆری لێ سەندوم، چونکە بەهۆی شیعر نووسین و خوێندنەوەوە، یاخود سەرقاڵ بوونم بە کار و پرۆژەکانم لە بواری ئەدەبیاتی منداڵان، کە کاتێکی زۆرترم بۆ تەرخان کردووە، بۆیە ڕەنگە وەک پێویست نەمتوانی بێ ئەو کاتانە بۆ بوارەکانی دیکەی ژیان تەرخان بکەم.
*** لە ئەشق و خۆشەویستیتان بۆ منداڵان ئەو بەشەتان هەڵبژاردووە؟ یان هەستتان بەوەکردووە بۆشایی و کەلێنێک لە وێژەی کوردی هەیە و وەک پێویست پڕ نەکراوەتەوە؟ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پێویستی بە ئێوە و کەسانی تر هەیە؟ یان هۆکاری تر هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەم بەشە گرنگەی وێژە، واتە وێژەی منداڵان یان وێژەی خزمەت بە منداڵان؟**
ڕۆستەم خامۆش: بێگومان ئەو کەسەی بۆ منداڵان دەنووسێ، دەبێ منداڵی خۆشبوێ، منیش بە گیان و دڵ، منداڵانم خۆشدەوێن، چونکە دەزانم باشترین سەرمایەی دایک و باوک، منداڵە.
بەراورد بە وڵاتانی پێشکەوتوو، لای ئێمە کەمتر ئاوڕ لە وێژەی منداڵان دراوەتەوە، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، وەک پێویست خزمەت بە توێژی منداڵان نەکراوە، واتە: شیعر و چیرۆکی تایبەت بەخۆیان کەم بۆ نووسراوە، بەڵێ بە دڵنیاییەوە ئەدەبی منداڵانی کورد، پێویستی بە چەندان شاعیر و نووسەری شارەزا هەیە، کە قەڵەمەکەیان بۆ ئەو بوارە گرنگە تەرخان بکەن.
منیش وەک خۆم، کە چەندان ساڵە خزمەت بە بواری ئەدەبی منداڵان دەکەم، دەتوانم بڵێم بایی ئەوەندە کارم بۆ ئەو بوارە کردووە، کە چەندان کەسی شارەزا، وەک (شاعیر و نووسەر، مامۆستایانی پەروەردەکار، مامۆستایانی زانکۆ، دڵسۆزان و خەمخۆرانی ئەدەبی منداڵان)، پێیان باشە بەردەوام بم لە ئیشکردن لە بواری ئەدەبی منداڵان، بۆیە نیازی دڵم وایە و پشتیوان بە خوای گەورە، دەمەوێ زیاتر خزمەت بە ئەدەبیاتی منداڵانی کورد بکەم و کار و چالاکیم لەو بوارەدا زۆرتر بێ.
*** ئاستی شیعری منداڵان لە کوردستان چۆن ئەبینن؟ ئامۆژگاریتان چییە، بۆ ئەو کەسانەی تازە دێنە بواری شیعر و نووسین بۆ منداڵان؟**
ڕۆستەم خامۆش: هەرچەندە زۆری و بۆری دەبینرێ، یاخود سواوی و جوینەوەی پێشتر هەیە، بەڵام خۆشبەختانە کۆمەڵێک شاعیری خەمخۆر و دڵسۆز هاتوونەتە مەیدانەکە و چەندان دەقە شیعری ناسک و جوانیان بۆ منداڵان نووسیوە، چ وەک کتێب، یان ئەوانەی لە گۆڤارەکانی تایبەت بە منداڵان بڵاو کراونەتەوە.

پێم باشە ئەو کەسانەی تازە دەیانەوێ شیعر بۆ منداڵان بنووسن، کەم بنووسن، زۆر بخوێننەوە، بە تایبەتی ئەو کتێب و سەرچاوانەی کە باس لە ناسینی ئەدەبی منداڵان دەکەن، یاخود لەبارەی دەروونزانی و پەروەردەی منداڵان بخوێننەوە، پێم خۆشە وەک ئامۆژگاری لێم وەرنەگرن، بەڵام ئەوەی دەیەوێ بۆ منداڵان بنووسێ، با شارەزای ئەدەبی منداڵان بێ و خۆی فێری زمان منداڵ بکات.

*** وەک شاعیرێکی بەئەزموون لەسەرەتا و ئێستاش کێ پاڵپشت و هاندەرتان بووە بۆ بەردەوامیتان لە کاری نووسین و بەتایبەت نووسین بۆ منداڵان؟**

ڕۆستەم خامۆش: دەتوانم بڵێم باشترین مامۆستا و ڕێنیشاندەری من، لە پێشتر و لە ئێستاشدا، هەر کتێب بووە، واتە: خوێندنەوەی کتێب سەرچاوەی مەعریفی و گەشەی هزری من بووە، بەڵام بە هۆی ناسین و ئاشنایەتیم لەگەڵ کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری بە ئەزموون، دەکرێ بڵێم سوودم لە دید و بۆچوونی بەشێکیان وەرگرتووە، وە هەندێ کەسی شارەزا و ئەدەبناس، هانیانداوم بۆ ئەوەی بەردەوام بم لە نووسینی شیعر و چیرۆکی منداڵان، یاخود زیاتر قەڵەمەکەم تەرخان بکەم بۆ ئەدەبیاتی منداڵان.

*** وەک شاعیرێکی بواری منداڵان بێجگە لە کاری شیعر و ئەدەبیات، لە چ بوارێکی تر شارەزایی و ئەزموونتان هەیە؟**

ڕۆستەم خامۆش: ئەوە دڵخۆشی و شانازییە بۆ من، کە وەک شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان ناسراوم و خزمەت بەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگە دەکەم، جگە لە نووسینی شیعر و چیرۆک و وتار و توێژینەوە لە بواری ئەدەبی منداڵان، دیمانەم لەگەڵ چەندان شاعیر و نووسەر و شارەزایانی ئەدەبیاتی منداڵان کردووە، کە ئەوەش پێی دەگوترێ: (ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبیی)، ئیدی هەر ئەوەندەیە و بووەتە بەشێکی سەرەکیی ژیانم.

*** بەرهەمی چاپ کراو و چاپ نەکراو چیتان هەیە بۆ ئێمە و ئازیزانی کەناڵ بیخەنە ڕوو؟**

ڕۆستەم خامۆش: سوپاس بۆ خوا تا ئێستا ئەم بەرهەمانەم چاپ کراون:

١. داری هیوا، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی2017، هەولێر.

٢. گوڵی ئاوات، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی2019، هەولێر.

٣. ژینگەی کوردستان، شیعر بۆ منداڵان، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، ساڵی2020، هەولێر.

٤. دۆستی ژینگەم، هۆنراوەی ژینگەیی بۆ منداڵان، کە دووجار چاپکراوە، یەکەم2021، دووەم2022، سلێمانی.

٥. باخی ئومێد، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی2021، سلێمانی.

٦. هاوڕێی پێنووس، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی2021، هەولێر.

٧. ئەدەب و هونەری منداڵان، چاوپێکەوتن لەبارەی ئەدەب و هونەری منداڵان، بە هاوبەشی لەگەڵ د. هاوژین سلێوە، ساڵی2022، کۆیە.

٨. دیداری ئەدەبی منداڵان، چەند توێژینەوەیەکی ئەدەبیی و ڕەخنەیی، بە هاوبەشی لەگەڵ چەند نووسەرێک، ساڵی2022، سلێمانی.
وە کۆمەڵێک شیعر و چیرۆک و بابەتی ئەدەبی منداڵانم هێشتا چاپ نەکراون، ئەو شیعرانەی کە بۆ گەورەساڵانم نووسیون، ئەوانیش لەگەڵ چەندان بابەتی دیکە، لە چاوەڕوانی دەرفەتێکدان بۆ ئەوەی لەنێو دووتوێی کتێبدا ڕۆشنایی ببینن.
**٭ لە بواری کارکردنی ویژەییتان لە چ کۆڕ و سیمنار، یان ڤیستیڤاڵ، یان بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەشداریتان کردووە؟**
ڕۆستەم خامۆش: تا ئێستا چەندان چاوپێکەوتنم لەگەڵ سازکراوە، لە: ماڵپەڕ و ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و ئاسمانیی و سۆشیال میدیا، کە تاکوو ئێستا سەرجەمیان دەکاتە: (٦٠) چاوپێکەوتن.
– لە دوو کۆڕی شیعر خوێندنەوە بەشداریم کردووە، کە بە هاوبەشیی لەگەڵ چەند شاعیرێکی دیکە بۆمان ساز کرابوو.
یەکەم: ساڵی ٢٠١٥، لە چەمچەماڵ. دووەم: ساڵی ٢٠١٦، لە هەولێر.
ڕۆژانی ١٩و ٢٠ی ٦ی ٢٠٢٣، ڕێکخراوی خوێنەری کارا لە شاری هەولێر، دوو ڕۆژ کۆڕی شیعر خوێندنەوەیان بۆ ڕێکخستم، کە تایبەت بوو بە منداڵان.
– لە ڕێکەوتی ٤ی ٩ی ٢٠٢٢، بە توێژینەوەیەک، بەناونیشانی (ڕۆڵی ڕاگەیاندن، لە ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی منداڵاندا) بەشداریم لە دیداری ئەدەبی منداڵان کردووە لە شاری سلێمانی.
– لە ڕێکەوتی ١٥ی ١٠ی ٢٠٢٢، بە پێشنیار و ڕاسپاردەیەکی (١٥)خاڵیی بەشداریم لە یەکەمین کۆڕبەندی پەروەردەیی و ئەدەبی هاچەرخی منداڵان کردووە لە شاری سلێمانی.
**٭ لەدوا بڕگەی بەرنامەکەماندا، ستایشی (مامۆستا ڕۆستەم خامۆش) دەکەین، کە شانازی پێ بەخشین، بەوەی هاتینە خزمەتتان بۆ سازدانی ئەم دیدارە تایبەتە. ئێمە هیچمان نەماوە لە خزمەتتان عەرزی بکەین، ئەگەر ئێوە سەرنج و تێبینییەکتان هەیە بۆ ئێمە و بەرنامەکەمان، یان بۆ ئەندامانی کەناڵی (دیداری تایبەت) فەرموو بیخەنە ڕوو؟**
ڕۆستەم خامۆش: لە کۆتاییدا زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم بەسەر کردنەوەیە و ئاوڕدانەوەتان لە ئەدەبی منداڵان، هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازم. زۆر دڵخۆش و خۆشحاڵ بووم بەم دیمانەیە لە کەناڵی (دیداری تایبەت) لە تیلیگرام. مامۆستا "کامەران ئاشنا" ئەو هەوڵەی بەڕێزتان و هاوکارانت بەرز دەنرخێنم، کە شاعیر و نووسەران بەسەر دەکەنەوە، بێگومان ئەوەش خزمەتێکە بە ئەدەبی کوردی و مێژوو بۆخۆی تۆماری دەکات و دەبێتە خەرمانێک بۆ کار و چالاکییەکانتان، وە لە دڵەوە سوپاسی خوێنەرانی ئازیز دەکەم، کە کاتی بە نرخی خۆیان دەبەخشن بە خوێندنەوەی ئەم چاوپێکەوتنە لەبارەی ئەدەبی منداڵان.